

# کوشتنی منالێك

جیرۆکی ستیک داکرمان
و. لەسویدییەوە: خەبات عارف

ڕۆژێکی خۆشە و خۆر بەسەر دەشتەکەدا بەلارییەوە وەستاوە. یەکشەممەیە، نەختێکی تر زەنگەکانی کڵێسا لێ ئەدرێن. لەنێو دوو کێڵگەی چەودەردا، دوو گەنج بە بەرزاییەکدا کە پێشتر پێیدا نەڕۆیشتوون، ڕێ ئەکەن و لە سێ دێیەکەی دەشتەکەشدا شووشەی پەنجەرەکان ئەدرەوشێنەوە. پیاوان، لە بەردەم ئەو ئاوێنانەدا کە لەسەر مێزی نانخواردنەکانیان دانراون، ڕیشیان ئەتاشن. ژنان، لەبەرخۆوە ئەچڕن و خەریکی لەتکردنی نانن بۆ بەرچایی و منالانیش دانیشتوون و جلەکانیان لە بەر ئەکەن. بەیانییەکی بەختەوەری ڕۆژێکی شوومە! چونکە ئەمڕۆ لە دێی سێیەمدا پیاوێکی بەختەوەر منالێک ئەکوژێت. هێشتا منالەکە دانیشتووە و جلەکانی لەبەر ئەکات. پیاوەکەش کە ڕیشی ئەتاشێت، ئەڵێت ئەمڕۆ بە بەلەمەکە بەنێو چەمەکەدا ئەگەڕێین و ژنەکەش لەبەرخۆیەوە ئەچڕێت و لەتەنانەکان لەسەر دەورییەکی شین دائەنێت.

هیچ تارماییەک نەکەوتووەتە سەر موبەقەکە و ئەو پیاوەش کە منالەکە ئەکوژێت، هێشتا لە تەنیشت بەنزینپەمپێکی سوورەوە لە دێی یەکەمدا ڕاوەستاوە. پیاوێکی بەختەوەرە، چاوی بە کامێرایەکەوە ناوەوە و لە شووشەکەیەوە ئۆتۆمۆبیلێکی بچووکی شین ئەبینێت و لە تەنیشت ئۆتۆمۆبیلەکەشەوە کچێکی گەنج ڕاوەستاوە و پێئەکەنێت. لەو کاتەدا کە کچەکە پێئەکەنێت و پیاوەکەش وێنەی ئەگرێت، بەنزینفرۆشەکە سەری تەنکییەکە ئەنێتەوە و ئەڵێت ئەمڕۆ ڕۆژێکی خۆشیان بە نسیب ئەبێت. کچەکە سوار ئەبێت و ئەو پیاوەش کە منالێک ئەکوژێت جزدانەکەی لە گیرفانی دەرئەهێنێت و ئەڵێت کە ئەچنە سەر دەریا و لەوێش بەلەمێک بە کرێ ئەگرن و تا ئەتوانن بە سەوڵلێدان لە کەنار دوور ئەکەونەوە. کچەکە لە پێشەوە دانیشتووە و لە شووشەی دادراوەی ئۆتۆمۆبیلەکەوە قسەی پیاوەکەوە ئەبیستێت، چاوەکانی لێک ئەنێت و لەگەڵ لێکنانیاندا دەریا و پیاوەکە ئەبینێت کە لە بەلەمەکەدا لە تەنیشتییەوە دانیشتووە. پیاوێکی خراپ نییە، دڵشاد و بەختەوەرە و بەرلەوەی سواری ئۆتۆمۆبیلەکە ببێت، نەختێک لە بەردەم ڕادێتەرەکەدا کە لەبەر خۆرەکەدا ئەپرێشکێتەوە ڕائەوەستێت و بەتاسەوە لە بریسکوهوڕی ئۆتۆمۆبیلەکە

ئەنوارێت، چێژ لە بۆنی بەنزین و بۆن و بەرامەی ئەو دەوەنەی کە لە نزیکیەوەیەتی ئەبینێت. هیچ تارماییەک نەکەوتووەتە سەر ئۆتۆمۆبیلەکە و پێشەوەی ئۆتۆمۆبیلەکەش نەقوپاوە و هێشتا بە خوێن سوور نەبووە.

بەڵام هاوکات کە پیاوی نێو ئۆتۆمۆبیلەکە لە دێی یەکەمدا دەرگاکەی دەستەچەپی دائەخا و چۆکەکە ڕائەکێشێت، ژنی نێو موبەقەکە لە دێی سێیەمدا، دۆڵابەکەی ئەکاتەوە و شەکر نادۆزێتەوە. مناڵەکەش کە تازە جلەکانی لە بەر کردووە و قەیتانی پێڵاوەکانی بەستووە، لەسەر چۆک لەسەر قەنەفەکە وەستاوە و چەمەکە ئەبینێت کە بەنێو درەخەکاندا پێچاوپێچ بەرەوخوار بووەتەوە، هەروەها ئەو بەلەمە ڕەشە ئەبینێت کە نیوەی ڕاکێشراوەتە سەر گژوگیایەکە. ئەو پیاوەش کە دواتر مناڵەکەی لە دەست ئەدات لە ڕیشتاشین بووەتەوە و خەریکە ئاوێنەکەی بەردەمی ئەپێچێتەوە. لەسەر مێزەکە کووپی قاوەخواردنەوە و نان و شیر دانراون و مێشومەگەزیش دەوری مێزەکەیان داوە. تەنیا شەکر کەمە و دایکەکە بە مناڵەکەی ئەڵێت کە ڕا بکات و لە ماڵی دراوسێیەکەیان چەند کڵۆشەکرێک قەرز بکات. کە مناڵەکە دەرگاکە ئەکاتەوە، پیاوەکە هاواری لێ ئەکات پەلە بکات، چونکە بەلەمەکە لەسەر کەنارەکە چاوەڕێیانە و ئەمانیش بە سەوڵلێدان ئەوەندەی کە قەت لەمەوپێش نەڕۆیشتبن، بەنێو چەمەکەدا ئەڕۆن. کە دواتر مناڵەکە بەنێو باخچەکەدا ڕائەکات، هەر بیر لە چەمەکە، لە بەلەمەکە و لە شڵپوهوڕی ماسییەکان ئەکاتەوە و کەسیش بە گوێیدا ناچرپێنێت کە ئەو تەنیا هەشت دەقیقەی لە ژیاندا ماوە و بەلەمەکەش لەو جێیەدا کە دانراوە، بە درێژایی ئەو ڕۆژە و چەندان ڕۆژی تریش هەر لەوێدا ئەمێنێتەوە.

ماڵی دراوسێیەکەیان دوور نییە و لەوبەری ڕێگاکەوەیە. لەو کاتەدا کە مناڵەکە بە ڕاکردن لە ڕێگاکە ئەپەڕێتەوە، ئۆتۆمۆبیلە شینە بچکۆلەکە بەنێو دێی دووەمدا ڕەت ئەبێت. دێیەکی بچووکە، خانووەکانی بچکۆلە و سوورن و خەڵکەکەی کە تازە لە خەو هەڵساون لە موبەقەکانیاندا دانیشتوون، کووپەکانیان بۆ دەمیان هەڵبڕیوە و ئەبینن ئۆتۆمۆبیلەکە لەودیوی پەرژینەکانەوە بەخێرایی تێپەڕ ئەبێت و تەپوتۆزێکی زۆر لە دوای خۆی بە جێ ئەهێڵێت. زۆر بەخێرایی تێپەڕ ئەبێت و ئەو پیاوەش کە لەنێویدا دانیشتووە، دارسێوەکان و ئەو دارتەلانەش کە تازەکی بە قەتران ڕەشکراون، ئەبینێت ـ وەک تارمایی خۆڵەمێشی بە پێش چاوانیدا ڕەت ئەبن. گەرمای هاوین لە شووشەی ئۆتۆمۆبیلەکە ئەدات و بەخێرایی لە دێیەکە تێپەڕ ئەبن، ڕێکوپێک و دڵنیا لە نێوەڕاستی ڕێگایەکەدا لێ ئەخوڕن و ـــ هێشتا ـ تەنیا هەر ئەوان لەسەر ڕێگاکەن. لێخوڕین بە تەنیا بەسەر ڕێگایەکی نەرم و پانوپۆڕدا خۆشە و لە دەشتەکەدا لەویش خۆشتر. پیاوەکە بەهێز و بەختەوەرە و بە ئانیشکی ڕاستی هەست بە لەشی ژنەکەی تەنیشتی ئەکات. پیاوێکی خراپ نییە. پەلەیەتی بۆ سەر دەریا. ناتوانێت تەنانەت ئازاری زەردەزیڕەیەکیش بدات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەختێکی تر مناڵێک ئەکوژێت. لە کاتێکدا کە بەخێرایی بەرەو دێی سێیەم لێ ئەخوڕن، کچەکە چاوەکانی لێک ئەنێتەوە و وا خۆی پێشان ئەدات کە لێکیان ناکاتەوە تا دەریا ئەبینن و لەگەڵ نەرمەجووڵەی ئۆتۆمۆبیلەکەدا خەون بە بریسکوهوڕی ئاوی دەریاکەوە ئەبینێت.

چونکە ژیان زۆر بێبەزییانە خولقاوە، یەک دەقیقە بەر لەوەی پیاوێکی بەختەوەر مناڵێک بکوژێت، هێشتا هەر بەختەوەرە و بەر لەوەش ژنێک لە ترساندا بقیژێنێت، ئەتوانێت چاوەکانی لێک بنێت و خەو بە دەریاوە ببینێت و دوا دەقیقەش لە ژیانی

منالێکدا، دایکوباوکی ئەتوانن لە موبەقەکەیاندا دابنیشن و چاوەڕوانی شەکر بن و باسی ددانە سپییەکانی منالەکەیان و گەشتکردن بە بەلەم بکەن و منالەکەش ئەتوانێت دەرگایەک لە دوای خۆیەوە دابخات و لە دەستی ڕاستیدا و لەنێو پارچەکاغەزێکی سپیدا چەند کلۆشەکرێک هەلبگرێت و دەست بە پەڕینەوە بکات بەسەر ڕێگایەکدا، دوا دەقیقەش لە ژیانیدا بێجگە لە چەمێکی درێژی بە بریقوباقی پڕ لە ماسیی گەورە و بەلەمێکی پانوپۆڕ و بێدەنگیی سەولەکانی بەلەمەکە هیچ شتێکی تر نەبینێت.

دوای ئەوە هەموو شتێک بەسەرچووە. دوای ئەوە ئۆتۆمۆبیلێکی شین، لاونیو، لەسەر ڕێگاکە ڕاوەستاوە و ژنێک کە ئەقیژێنێت دەستی لە دەمی ئەکاتەوە و دەستی خوێنی لێ دێت. دوای ئەوە، پیاوێک دەرگایەکی ئۆتۆمۆبیلەکەی ئەکاتەوە و ئەگەرچی ترس و بیم شەبەقێکی کردووەتە ناخیەوە، هەوڵ ئەدات لەسەر پێیەکانی ڕابوەستێت. دوای ئەوە چەند کلۆشەکرێکی سپی، بێمانایانە، لەنێو خوێن و زیخدا بلاو بوونەتەوە و منالێکیش بێ جووڵە لەسەر سک کەوتووە و دەموچاوی بە ڕێگاکەوە فلیقاوەتەوە. دوای ئەوە دوو مرۆڤی ڕەنگپەڕیو کە هێشتا پێڕانەگەیشتوون قاوەکەیان بخۆنەوە بە ڕاکردن لە دەرگایەکەوە دەر ئەپەڕنە دەرەوە و لەسەر ڕێگاکە دیمەنێک ئەبینن کە هەرگیز لە بیریان ناچێتەوە. چونکە ئەوە ڕاست نییە کە زەمانە هەموو برینێک ساڕێژ ئەکات. زەمانە برینی منالێکی کوژراو ساڕێژ ناکات. زۆر خراپیش ئازاری دایکێک ساڕێژ ئەکات کە لە بیری چووە شەکر بکڕێت و منالەکەی بە ڕێگاکەدا ئەنێرێت بۆ ئەوەی شەکر قەرز بکات و بە هەمان شێوەش ئەو پەشیمانییە لای پیاوێک ساڕێژ ئەکات کە جارێک لە جاران بەختەوەر بووە و منالێکی کوشتووە.

چونکە ئەوەی منالێکی کوشتبێت چیتر بەرەو دەریا بە ڕێ ناکەوێت. ئەوەی منالێکی کوشتبێت بەهێواشی و لە سای بێدەنگیدا بەرەو مال ئەبێتەوە و لە تەنیشتییەوە ژنێکی لەگۆکەوتوو بە دەستێکی بەستراوەوە ڕێ ئەکات و بە گشت ئەو دێیانەشدا کە پێیاندا تێپەڕ ئەبن، تاقە مرۆڤێکی دلشاد نابینن. ئێستا گشت تارماییەکان ڕەش داگەڕاون و کاتێکیش لە یەکتر جیا ئەبنەوە، هێشتاش بێدەنگییەکە بەری نەداون. ئەو پیاوەش کە منالەکەی کوشتووە ئەزانێت کە ئەو بێدەنگییە دوژمنییەتی و چەندان سالیش لە ژیانی پێویستە بۆ ئەوەی بەسەر ئەو بێدەنگییەدا زال ببێت و بقیژێنێت کە هەلەی ئەو نەبووە. بەلام ئەزانێت کە ئەوە درۆیە و لە خەونی شەوانیشدا لەبری ئەو درۆیە، ئاواتی ئەوەیە کە تەنیا یەک دەقیقە لە ژیانی خۆی بۆ بگەڕێتەوە تا بتوانێت بە شێوەیەکی تری لێ بکات.

بەلام ژیان دژی کەسێک کە منالێکی کوشتووە هێند بێبەزییە کە هەموو شتێک دوای ئەوە بەسەرچووە.

**<u>ستیگ داگەرمان:</u>**

نووسەرێکی بەناوبانگی سویدییە. لە 1923دا لە دایک بووە و لە 1954دا خۆی کوشتووە. ئەم چیرۆکەی لە 1948دا نووسیووە و هاوکات لە زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمەدا بلاو کراوەتەوە. لە 1952دا دەرهێنەری سینەمایی، یۆستا ڤێرنەر، سیناریۆی بۆ نووسیوە و کردوویەتی بە فیلم.